سەید حەکیم داوا دەکات دەستەڵاتی حکومەتە خەجێکان فراوان بکرێت و یاسای لا مەرکەزییەت دەربکرێت

لەسەرەتای سەردانەکەی بە پارێزگای نەجەفی پیرۆز
بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە دیوانی پارێزگا چاوی بە بەڕێز یوسف گناوی پارێزگاری نەجەف و بەڕێز حسەن عیساوی سەرکی ئەنجومەنی پارێزگا و چەندین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەپارێزگاکە کەوت، جگە لە چەندین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای نەجەف و دام و دەزگاکانی پارێزگاکە و چەند سەکردەیەکی ئەمنی، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم پیرۆزبایی جەژنی غەدیری لێکردن و دووپاتی کردەوەش کە عێراق قەناغی داخرانی سیاسی لەگەڵی پێکهێنانی حکومەت تێپەڕ کردوە لە دیمەنێکی تازەی ئەرێنی کە تێیدا دەستەلات بە ئاشتیانە ئادەست دەکرێت و پابەندبوون بە دیموکراسیەت هەیە.

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە چوارچێوەی هەماهەنگی توانی بەپێی میکانیزمەکە بە دامەزراوەکانی خۆی سە کاندید بە سەرکایەتیی سەرکایەتیی حکومەت بخاتە ڕوو کە لە کەتاییدا بە دانانی بەڕێز عەلی ئەلزەیدی بە کەی دەنگ بەکەتا هات، ئەوەش پێش کەتایی هاتنی وادەی دەستووری کابینەکەی پێشکەش کرد، بەڕێزیان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە نەجەف یەکەم قایمقامیەت بوو کە دوای پێکهێنانی حکومەت سەردانی کرد، ستایشی گیانی هاوکاری نێوان بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاکەی کرد.

هاوکات داوای هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی نەوتی لە ڕێگەی دەریای سوور و دەریای ناوەڕاستەوە کرد بە بەرزکردنەوەی ئاسایشی ئابووری و کردنەوەی بازاڕی نوێ، هەروەها جەختی لەسەر دەنیابوون لە پەدانی مووچەی فەرمانبەران و باجی جووتیاران و بەڕێندەران کرد بە ڕێیان لە پاڵپشتیکردنی چالاکییە ئابوورییەکان، سەید حەکیم جەختی لە گرنگی دەرکردنی یاسایەکی سەبارەت بە پارێزگاکان و لامەرکەزی کارگێڕی کردەوە بە پەدانی دەسەڵاتی فراوانتر بە حکومەتە ناوخۆییەکان بە خزمەتکردنی هاوڵاتیان...

سەماحەتی حەکیم لەدرێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە نەجەف جەختی لە پێویستی ڕێبازێکی دوولایەنەکردەوە کە لە گرنگیی ئایینی و مەعنەوی شارەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەمان کاتدا پیرۆزی و سیما ناوبانگی شارەکە بپارێزێت و داوایکرد پەرژەی ستراتیژی و درێژخایەن لە بوارەکانی بیناسازی و وەبەرهێنان و گەشتیاری و پەرەپەدانی فڕۆکەخانەی نەجەف هەبێت بە ئەوەی لەگەڵ پێگەی جیهانی شارەکەدا بگونجێت..